# منداڵانی ئەم دەڤەرە

جەلال خۆشکەلام



منداڵانی ئەم دەڤەرە، وابەستەی پەروەردەیەكی تێشكاوی ناو كۆمەڵگان. هەڵقوڵاوی دەروونی خۆویستی و خۆپەرستی و خوێنڕشتن و پیاو كوشتنن. هەژاری و نەداری بەرۆكی گرتون و ژیانێكی گەش و دوا ڕۆژێكی ڕوون چاوەڕوانیان ناكا. ئەوەی فێری دەبن ڕقە، زوڵمە، تۆڵەو چەوسانەوەیە، پەیداكردنی بژێوی ژیانە لەسەر حساب و بژێوی ژیانی یەكێكی تر. ئەوەی فێری دەبن گەڕانەوەیە بۆ دواوە، دواكەوتنی كۆمەڵگاو دووبارەكردنەوەی شەڕی ناوخۆو ڕقی ناوخۆی باپیران.

منداڵانی ئەم دەڤەرە، نازیان نەدیوە، بێ نازو بێ وازی پەروەردە كراون. منداڵانی ئەم دەڤەرە، برسین برسی، ئەم كۆڵان و ئەو كۆڵان سەرگەردانن بۆ لەتێ نان. فێری زۆر بوون و بەزۆر كاریان پێدەكرێ. كارێك كە لە باڵاو توانای ئەوان ناوەشێتەوە، كارێك كە بەزۆر فێری زۆریان دەكا...

منداڵانی ئەم دەڤەرە، لەمنداڵیەوە گەورەن، سەرپەرشت و بەخێوكەرو سەرگەردانن. لەمنداڵیەوە گەورەن، گەورە. نێریان پەروەردە دەكرێ بۆ زاڵبوون بەسەر مێینەدا، مێینەشیان فێر دەكرێن تا خۆیان ئامادە بكەن بۆ شووكردن و لەخۆ دوور خستنەوە. فێر دەكرێن بە باشترین شێوە خزمەتكاری نێرینەبن. دوا ڕۆژێكی تاریك و تەماوی چاوەڕوانیان دەكا، خوا نەبێ كەس نازانێ چیان بەسەر دێ. كۆمەڵگای كوردی، ئاشنایە بە چەوسانەوی منداڵ، ئاشنایە بەو ئازادیەی كەبۆ منداڵ دیاری كراوە. لای خۆمان وا باوە كە منداڵ باش پەروەردە دەكرێن و دایك و باوك چاكەی منداڵیان دەوێ، كامە پەروەردە كردن؟، كامە چاكەی منداڵ؟ كۆمەڵگای ئێمە كار بە یاسا نەنووسراو چاپ نەكراوەكانی ناو ناخ دەكا، ئەم یاسایە لە دەروون و مێشكا ئاوێتە بوون، چەسپیوون، دیاری باو باپیرانەو میراتێكە لەوانەوە بەجێماوە. ئەم میراتە بۆ ئێستا و داهاتووی نەوەیە، دەستاو دەست دەگەڕێ، مێشكا و مێشك دەگوازرێتەوە، ڕزیوە بۆگەنی دێ.

لە دەروغاندا یاسا هەیە، ئەو یاسایە لەسەر كاغەز و لەناو دەستووری وولات دا نیە، بۆیە فێری نابین، چونكە بەردەوام دەگۆڕێ، نای خوێنین یاسایی پێشوو ئێستاو ڕابردومانە. یاسای پەروەردەكردنی نەوەی دواڕۆژ و ئازادی منداڵ و لێدانی منداڵ و تووڕەبوون لە منداڵ و سزادانیەتی. گەر خۆشمان ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرمان كردبێتەوە خەزێنەی ئەندێشەو فكری دەروون و ناخمان بگۆڕین ئەوا كۆمەڵگا لێی تێك داوین، دۆست و برادەر، جیران و خزم و قەوم نەیانهێشتوە. ئادەی كاك فلان كەس گوێی فلان منداڵتم كەمێك بۆ ڕاكێشە، دوێنێ پێم پێدەكەنی، لەبەرم هەڵنەدەستا، وای كرد و وای نەكرد فلان كەس ئەوە بۆخۆت لەگەڵ ماڵی فلان شەخس قسەت نیە كەچی دەهێڵی منداڵەكانت لەگەڵ منداڵەكانی دا بگەڕێ... ئەرێ فلان كەس من كارێكم پێ شكدێ ڕۆژێ ئەوەندە دینارە، فلانی كوڕت بنێرە بۆخۆی ئەوندەش پەیدا بكات زۆرە... ئادەی فلان كەس ئەو شتەم بە فلان منداڵت دا بۆ بنێرە، نەكەی بۆخۆت بێی. كچەكەت زوو بدە بە شوو با نەمێنێتەوە، بۆ نایدەی بە فلان كەس زۆر بە مشوور و كاسپكارە...

یاسای هەست پێنەكراوی جێبەجێكراوی لەناو ناخ دا ڕزاوی ئێمە زاڵە بەسەر ئەو یاسا نووسراوەیەی كە بۆ منداڵان دیاری كراوە. یاسایی منداڵان لای ئێمە تەنها سمبولێكە و هیچی تر. دەبێ بارهێنانی منداڵەكانمان لەسەر ئەو شێوازەبێ كە خۆمانی لەسەر پەروەردە كراوین، خۆشمان كە باسی پەروەردەكردنی خۆمان و باسی ژیانی منداڵی خۆمان دەكەین زۆرمان بەزەیی بە خۆمان دا دێتەوە و ئاوات بۆ دووبارە بوونەوەی ژیانی منداڵیمان دەخوازین. ژیانێك كە دووبارە منداڵ بینەوە بەڵام بەشێوازێكی باشتر و شیاوتر پەروەردە بكرێین. كەچی سەیرە خۆمان بێ ئەوەی بیری لێوەكەین دواڕۆژی منداڵەكانمان بەهەمان ڕێڕەودا گوزەر پێدەكەین. وا دەكەین كە منداڵەكانمان هەمان گلەییان لێمان هەبێ كە ئێمە لە دایك و بابی خۆمانمان هەبوو. قوتابخانەكانمان چەشنی زیندانە، دیواری بەرز بەدەوری دا هەڵدەچنین، تا لەمنداڵیەوە فێری منداڵەكانمان بكەین كە ئەوان مەحدودن و دەبێ لەناو چوارچێوەدا بن. خۆ ئەگەر لە دەرەوەی بازنە بن ئەوا بەمنداڵی كۆڵان و نەخوێندەوار و دواكەوتوو لەقەڵەم دەدرێن. مەگەر منداڵ هەر منداڵ نیە؟ ئەوە پەروەردەی سەقەت و لاواز ی خۆمانە كە دواڕۆژی منداڵەكانمان بێ ئومید و لاواز دەكات. منداڵان دەسەڵاتیان نیە ئێمە دەم ڕاست و ڕێ پیشاندەریانین، بێ ئەوەی خۆیان وزەیان لێوە بێ، بێ ئەوەی خۆیان دەسەڵاتیان بێ، ئێمە دواڕۆژیان بۆ دیاری دەكەین. ئەوەی دەیكەین سەیرە، تاوانە، نازانم چۆن ویژدانمان ئاسوودە دەبێ، دەروغان چۆن ئۆقرە دەگرێ؟! لەم دەڤەرە برا لە خوشك مارە دەكرێ بێ ئەوەی هەستی پێبكەین، پێی بزانین. ئەگەر گەنج بەخواستی خۆی نەیتوانی دواڕۆژی خۆی دیاری بكات، ئەگەر بەخواستی خۆی شوو نەكات یا ژن نەهێنێ، بەڵكو لەسەر خواستی خزم و قەوم و دایك و باوك و ئەمووو ئەو ژیانی خۆی دروست دەكا و پەیوەندی و شەریكی ژیان بۆخۆی هەڵبژێرێ وەكو ئەوە وایە كە كچە لەبرای خۆی مارە كرابێ و كوڕەش لە خوشكی خۆی. ئەمە قسەی هاوپۆلێكی ناو زانكۆیە. ئەمە فكری لاوانی ترە لەسەر چۆنیەتی فكرو بیر كردنەوەی ئێمە لەسەر چارەنووس و دوا ڕۆژی منداڵەكانی كۆمەڵگای ئێمە. با لەدەرون و هەستی خۆماندا پاك بین بەرامبەر بە منداڵەكانمان. وابكەین جێگەی متمانەیان بین تا باوەڕیان پێمان هەبێ و لە نهێنی و ڕازەكانیان بگەین. منداڵانی ئەم دەڤەرە تاكەی ئاوا سەرگەردان و نائومێد بن. تاكەی هەگبەی ئاوات و ئارەزووەكانیان لەكۆڵا بێ و وەك یادگارێ، وەك خۆزگەیەك خەونی پێوە ببینن و قەت پێی نەگەن. تاكەی منداڵانی ئەم دەڤەرە دۆڕاوبن دۆڕاو، دۆڕاو لە ژیان، لەخواست و خەونەكانیان، لە داهاتوو لە خەون بەرەو پێشكەوتن و گۆڕان و گەشە سەندنی نیشتمان و وولاتیان؟! دۆڕاو لە ژیانی منداڵی و گەورە بوونیان.

# نرخی شت و مەك لە ئێران بەرز بۆتەوە




بەپێی ڕاپۆرتەكان نرخی هەڵاوسان لەمانگی جۆزەردانی ئەمساڵ لەچاو مانگی جۆزەردانی ساڵی 1386 زیادی كردوە و گەیشتۆتە زیاتر لە 26 لەسەد. هەواڵنێری مێهر لەزمان بانكی ناوەندی ڕاپۆرتی داوە كە نرخی هەڵاوسان گەیشتۆتە 26،4 لەسەد بەپێی ئەو ڕاپۆرتە نرخی هەڵاوسان 12مانگ بەرلە ئێستا 7و20 لەسەد بوو كە لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبوو. لە سەرژمێریە فەرمیەكان دا لەگەڵ ئەوەی كە نرخی هەڵاوسان هەموو مانگێك بەراورد دەكرێ، بەڵام نرخی فەرمی هەڵاوسان زۆرجار بەپێی گۆڕانەكانی یەك ساڵی ڕابردوو دیاری دەكرێ كە بەپێی ڕاپۆرتی بانكی ناوەندی لەماوەی 12 مانگی ڕابردوودا بۆ 21 لەسەد نیزیك بۆتەوە. گۆڕانی مانگانەی نرخی شت و مەك و خزمەت گەیاندن پێی دەگوترێ هەڵاوسان و لە ئێران نرخی هەڵاوسان بە گۆڕانی نرخی 359 جۆر شت و مەك و خزمەت گەیاندن دیاری دەكرێ. بانكی ناوەندی بەحیساب كردنی ڕادەی هەڵاوسان، هەموو مانگێك نرخی شت و مەك و خزمەت گەیاندن لە ناوچە شاری و دێهاتیەكان ئامادە دەكاو بە لێكۆڵینەوە لەوە نرخی هەڵاوسان دیاری دەكات. لەماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا كە نرخی هەڵاوسان چۆتە سەر، بانكی ناوەندی بۆ كۆنترۆڵ كردنی هەڵاوسان بەربەست گەلێكی داناوە، بەڵام ڕاپۆرتەكان دەری دەخەن كە نرخی شت و مەك هەروا دەچێتە سەر و نیشانەیێك لە كۆنترۆڵ كردنی نابیندرێ. نرخی هەڵاوسان لە 8،12 لەسەدەوە لەماوەی ساڵێكدا گەیشتە 21لەسەد. بەپێی ئاماری بانكی ناوەندی نرخی هەڵاوسان لە بانەمەڕدا 6،13 لەسەد بوو لە جۆزەردانیش 2،14 هەروەها لە پووشپەڕدا گەیشتە 8،14 و لە گەلاوێژ 4،15 و ڕەزبەردا 2،16 لەسەد و لە خەزەڵوەردا 8،16 و لە سەرماوەزدا 2،17 لەسەد، لە بەفرانباردا گەیشتە 5و17 و لە ڕەشەمەدا 4و18 لەسەد، لە خاكەلێوەشدا 1و19 و لە بانەمەڕدا 8،19 لەسەد بووە. زیادبوونی نرخی نەخدینەگی هۆی سەرەكی زیادبوونی نرخی هەڵاوسانە كە بەپێی ڕاپۆرتەكان لە سنوری 160 هەزار میلیارد تمەن تێ پەڕیوە. ڕاپۆرتەكان دەری دەخەن كە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەشێكی زۆر لە داهاتەكانی نەوت كراوە بە قڕان و نەخدینەگی لە 70 هەزار میلیارد تمەنەوە گەیشتۆتە 160 هەزار میلیارد تمەن. بەشێكی زۆر لەو پۆلە بۆ نیشتەجێ بوون بووە و نرخی خانووبەرە تاچەند لەسەد بەرز بۆتەوە. لە ئێستادا بازاری شت و مەكی وەك قەند و شەكر و برینج و چایی، ڕۆن و تایدی جل شۆری كەوتۆتە ژێر كاریگەری و نرخیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاد دەكات. ژمارەیێك لە كارناسان سەبارەت بە گۆڕانی نەخدینەگی بۆلای شت و مەكی مەسرەفی نیگەرانیان دەربڕیوە لەبەر ئەوەی ئەو بارودۆخە دەتوانێ ببێتە هۆی چوونە سەری شت و مەك. ڕژیمی ئێران بۆ بەر بەرەكانێ لەگەڵ گرانی شت و مەك، هاوردەی زیاد كردوە، بەڵام ئەو كارەش كاریگەری دانەناوە. مەجلیسی ڕژیمی ئاخوندی هەروەها لایحەیێكی 5 میلیارد دولاری پەسەند كردوە كە قەرارە بۆ هاوردنی كەل و پەل و ویشكە ساڵی خەرج بكرێ. بە باوەڕی كارناسان ئەو لایحە هەڵاوسان هێنەرە دەتوانێ ببێتە هۆی زیاتر بوونی نرخی شت و مەك. كارناسان دەڵێن: ڕژیم لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بەهۆی كردنی دولاری نەوت بە قڕان و ناردنی بۆ بازارەكان، هەڵاوسانی زیاد كردوەو ئێستاش بۆ بەربەرەكانێ لەگەڵ هەڵاوسان و گرانی شت و مەك و نەهێشتنی كاریگەری ئەوە، ڕووی كردۆتە هاوردە.

# 7ی پووشپەڕ یادی كارەساتێكی تاڵە لە مێژووی خەڵكی كوردستان دا



لە 7ی پووشپەڕ 21 ساڵ بەر لە ئێستا شاری سەردەشت كەوتە بەر ڕەهێڵەی بۆمبی شیمیایی قەدەغە كراوی فڕۆكە شەڕكەرەكانی سەدامی دیكتاتۆر.

لە ئاكامی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت بە داخەوە 120 كەس شەهید و 8 هەزار كەس بریندار بوون. بۆمبارانی شیمیایی بە سەر خەڵكی بێ تاوان كە لایەنێكی شەڕ نەبوون بەڵكوو دژی هەموو سیاسەتی ڕژیمی ئاخوندی بوون لە تەواوی هەڵوێست و كاردانەوەیان دا شەڕی داسەپاویان مەحكوم و ریسوا دەكرد. كوردستان لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێران ـ عێراق جێگەی مەیدانێكی شەڕی دوو ڕژیمی ئاخوندی و بەعس بوو. زۆرترین زیانی پێ گەیشت. شارە سنووریەكان بە تایبەت سەردەشت و بانە و مەریوان و پیرانشار و ... هتد بە دەیان جار كەوتنە بەر بومبارانی فڕۆكە شەڕكەرەكان و لە جۆرەها چەكی قەدەغە كراو كەڵك وەرگیرا. ئەگەرچی شارەكانی دیكەی كوردستانیش چەندین جار كەوتنە بەر ڕەهێڵەی بۆمبی فڕۆكە شەڕكەرەكانی سەدامی دیكتاتۆر، بەڵام زۆرترین زیانی گیانی و ماڵی وەبەر شارە سنووریەكان بە تایبەت سەردەشت كەوت كە دوای چەندین ساڵ لە ئاور بڕی شەڕی نێوان ڕژیمی ئاخوندی و بەعس، ئێستاش خەڵكی سەردەشت بە دەست ئاسەواری شیمیایی بارران كردنی شارەكەیانەوە دەناڵێنن و ساڵ نیە چەند كەس لە بەر كەوتووانی چەكی شیمیایی گیان نەدەن.

بێ گومان بەشێك لە تاوانبارانی ئەو كردەوە دڕندانەیە دەستی عەداڵەت گەیشتە گیانیان و چەند كەسیان بە تۆڵەی پاكتاوكردنی ڕەگەزی و بەكار هێنانی چەكی قەدەغە كراو بە پەتی سێدارە سپێردران.

مێژوو لە كەس خۆش نابێ و ڕەوڕەوەی دیاری كردنی چارەنووس ڕۆژێك تەواوی ئەو تۆمەتبار و كورد كوژانە پەلكێشی دادگا دەكا و تاوانی هەموو ئەو كردەوە چەپەڵانەیان لێ دەستێنێ كە سەبارەت بە خەڵكانی بێ دیفاع ئەنجامیان دا.

سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران لە یادەوەری ئەم تاوانە دڕندانەدا داخ و كەسەری خۆی بۆ قوربانیان دەردەبڕێ و چاكبوونەوەی هەرچییی زووتری بریندارەكان بە ئاوات دەخوازێ.

سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران
7ی پووشپەڕی 1387